


یونس باویانی

# دیاردەی خۆکوشتن

## لەنێوان هۆکارو چارەسەردا

# دیاردەی خۆکوشتن
# لەنێوان هۆکارو چارەسەردا

نووسینی
یونس باویانی

---

هەولێر- کوردستان          چاپی یەکەم          ١٤٣٣ھ – ٢٠١٢م- ٢٧١٢ك

# لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی تەنفیزی

# یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان

# زنجیرە ( ١٩ )

پڕ بەدڵ سوپاسیو پێزانینی خۆم ئاراستەی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان دەكەم كە ئەركی بەچاپ گەیاندنی ئەم پەرتوكەیان خستە ئەستۆی خۆیان... خوای گەورە پاداشتی خێرو چاكەیان بداتەوە.

**یونس باویانی**


* ناوی پەرتووك: دیاردەی خۆكوشتن
لەنێوان هۆكارو چارەسەردا
* نووسینی: یونس باویانی
* بەرگ و دیزاین: كۆمپیوتەری دەریا
* نۆرەی چاپ: یەكەم ٢٠١٢
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* چاپ: چاپخانەی ماردین

# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

مرۆڤ بەڕێزترینی بوونەوەرانەو خوای گەورە بوونەوەرانی دیکەی خستۆتە بەردەستی، تا بەپێی عەقڵو شارەزایی خۆی، سوودیان لێ وەربگرێت، لەهەمان کاتدا ژیانو مردنو دووبارە ژیانەوەی پێداوە، تا تاقی بکاتەوە، کارو کردەوەو، هەڵسوکەوتی سەنگی مەحکی چاکیو چاکتری بێت، بۆیە تووشی چەندەها هەورازو نشێو دەبێت، تا مەزنی خۆی یان سستیو لاوازی خۆی پێ دەربخات، خۆکۆشتنیش وێرای بێ متمانەییو لاوازی، دەچێتە ناو بازنەی دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەی خواییش، هەر بۆیە ئیسلامی پیرۆز، هەمیشە فێری متمانە بەخۆبوونو، هێزو توانا بەخشینمان دەکات، بۆ ئەوەی تەنگو چەلەمەکان دەرگایەك بن، بۆ زیاتر بەرز بوونەوە، نەك رووخانو کەوتنەوە. ئەم نامیلکەیە بەردەستتان هەوڵێکی دیکەی خاوی مامۆستایەکی ئاینییە، تا ئومێد زیاتر بەر مرۆڤەکان ببەخشرێتەوەو، لەبری خۆکوشتن بە ئومێدو سەرکەوتن بێننە بەرهەم.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

**١٩ / ٦ / ٢٠١٢**

u

* خوای دلۆڤان دەفەرمووێ:

﴿I J K M N O P Q﴾ (النساء/٢٩).

واتە: خۆتان مەكوژن‌و (یەكتر بە ناحەق مەكوژن، كاتێك بێزاری‌و بێتاقەتی ڕووتان تێدەكات یان تووشی زیانێك دەبن) بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان.

* پێغەمبەری مرۆڤدۆستیش (دروودی خوای لێ بی) دەفەرمووێ:

(الذي يخنق نفسه يخنقها في النار. والذي يطعن نفسه يطعن نفسه في النار. والذي يقتحم يقتحم في النار) رواه البخاري.

واتە: ئەوەی خۆی دەخنكێنێت لەناو ئاگری دۆزەخیش هەر خۆی دەخنكێنێت، وە ئەوە بە چەقۆ یان هەر ئامرازێكی تری خۆكوشتن لە خۆی ئەدا لەناو ئاگریش بەهەمان ئامراز هەمیشە لەخۆی دەدات، وە ئەوەی خۆی فڕێ دەدات لەناو ئاگریش هەر خۆی فڕێ دەدات.

* هەروەها دەفەرمووێ:

(من قتل نفسه بشيئ في الدنيا عُذّب به يوم القيامة) البخاري (٥٧٠٠)، مسلم (١١٠).

واتە: كەسێك لەدونیا هەر شتێك خۆی بكوژێت لەڕۆژی دوایی بەهەمان شت سزا دەدرێت.

# پێشکەشە

- ⋆ بــەو کەســانەی کــەوا گوێــدەگرن لەهــەموو وتەیــەك، وەڵێ باشترینیان هەڵدەبژێرن.
- ⋆ بەو کەسە گرفتارو خەم باروژیان تاڵانەی کە تەنها بەقسەیەکی خـۆش‌و بەسـۆزیش خونـچەی دڵیـان دە پـشکوێ‌و بـزەی خـۆشـی دەگەڕێتەوە سەر لێوەکانیان.
- ⋆ بەو ڕووناکبیرو خودان پێنـووس‌و عەقڵە مەعریفییانـەی کـەوا بـۆ چارەســەری ئاریــشەکانی نیــشتمان‌و دەواکردنــی بــرین‌و خەمــەکانی هاونیــشتیمانیان دڵــسۆزانە دەنووســن‌و پــەیڤینیان هەیە.
- ⋆ بـەو زانـاو گوتاربێـژە ڕەسـەنانەی کـە لەمینبـەری مزگەوتـەکان لـەپاڵ پـەیامی خوداناسـی‌و خواپەرسـتی پـەیامی ژیانـدۆسـتی‌و گەشبینی‌و خۆڕاگری‌و هیواو ئومێد دەگەیێنن.

# خۆکوشتن لەنێوان هۆکارو چارەسەردا

## پێشەکی

الحمدلله الذي رضي لنا الإسلام دينا، وأنـزل إلينـا نـوراً مبينـاً، وأمـر باالـصبر وأثنى على الصابرين، ووعدهم أجراً عظيماً، والصلاة والسلام على رسوله المبعـوث رحمة للعالمين.

ئـەوەی جێـی تێڕامـانو هەڵوەسـتە لەسـەر کردنـە لـەم دواییانـەدا دیـاردەی خۆکوشـتن –انتحـار–و هەولـدان بـۆ خۆکوشـتن بەشـێوازی جـۆر بـەجۆر وەك: خۆخنکاندن، خۆکوشتنی بەچەك، خۆسوتاند، لەشوێنی بـەرز خۆفڕێـدان. بـەپێی ئەو ڕووداوە تراژیدیاو جەرگبڕانەی کە میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەك سـەردێرو مانشێتی هەواڵ پێمان ڕادەگەیێنن لە زیاد بوونو هەڵکشان دایە، دەتـوانین بڵـێین سنووری حاڵەتی تێپەڕاندووەو بووە بەدیاردە لەکۆمەڵگاکەمان، ئەمەش زەنگێکی مەترسـیدارە بـۆ کۆمەڵگـەی کـوردیو ئایینـدەی نەتەوەکـەمان، بۆیـە پێویـستە دیراسەیەکی زانستیو بابەتیانەی ئەم پرسەو هۆکارەکانی بکرێ بەهەند وەربگیرێ بەبایەخـەوە لێـی بـڕوانین، زەرورە: حکومـەتی هـەرێم، زانایـانی ئـایینی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕووناکبیرو دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن. ڕاسـتەوخۆ بێنە سەر خەتو ڕۆڵێکی خێراو بەرچاو بگێرن بۆ چارەسـەریو دەستنیـشانکردنی ڕێگا چارەی گونجاوو وشیار کردنەوەی تاکی کوردیو کۆمەڵگەکەمان، لەمەترسیو خەتورەتی ئەم دیاردە نامۆ بەئاینو کلتووری نەتەوەکەمان، جا بەنـدە لەسـۆنگەی

هەست کردن بەبەرپرسیارێتیو هەستیاریو مەترسی پرسەکە، بەپێویستم زانی لەدووتوێی ئەم نووسراوەی بەردەستت هەم ئەو هۆکارو فاکتەرانەی کە لە پشت ئەم دیاردە دێوەزمە ئاسایەن بخەمەڕوو، کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد ئەوەند ڕوخاوو بێ هیوا بێ، ژیانی شیرینو دونیای ڕووناکی ئەوەندە لەلابێزراو بێ، بەشێوەیەك مەرگو مردنی بەلاوە ئاسایی ترو شیرین تر بێ لەم ژیانەو بڕیاری خۆکوشتنو بەکۆتاهێنانی ژیانی بدا، هەمیش لەژێر ڕۆشنایی دەقە شەرعییەکان چارەسەرو حوکمە شەرعییەکەی شەنو کەو بکەمو ڕۆشنایی بخەمە سەر، بەو هیوایەی ببێتە مایەی بەرچاو ڕوونیو وشیار کردنەوەی تاکی کوردیو هەولێکیش بێ لەپێناو ڕێگرتن لەم دیاردەیە –بە پشتیوانی خوا–.

**یونس باویانی**

**٢٠١١/١٢/١ز**

**کوردستان- شارۆچکەی باسرمە**

# پێناسەی خۆکوشتن

**أ- خۆکوشتن لەڕووی زمانەوانی -اللغة-دا:**

- لەزمانی عەرەبی -الانتحار-ی پێ دەگوترێ (انتحر الرجل: أی قتل نفسه بوسیلة ما) واتە: خۆی کوشت بەئامرازێك. وە مانا زماناوانییەکەی (قتل النفس)ە، کە بەمانای خۆکوژی دێت.

لەلایەن زانایانی شەرعناس "الفقهاء"یش بەتایبەتی پێشەوا "القرطبي" (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەم شێوەیە پێناس کراوە دەڵێ: (هوأن يقتل الرجل نفسه بقصد منه في الحرص على الدنيا، وطلب المال بأن يحمل نفسه علي الغرر المؤدي الى التلف، ويحتمل أن يقال: في حال ضجر أو غضب).

واتە: خۆکوشتن بریتییە لەوەی کەوا کەسێك بەمەبەستەوە خۆی بکوژێت، بەهۆی چلێسی سووربوونی لەسەر دونیاو خواستیماڵو سامان، بەشێوەیەك -لەکاتی زەرەرکردنیدا- خۆی بەهۆکاری زەرەرو زیانی بزانێو زەرەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی، وە ئەگەری ئەوەشی هەیە بگوترێت: لەحاڵەتی بێتاقەتیو پەستیو هەراسانبوون یان تووڕەییو هەڵچوون -ئەم کارە ڕوو ئەدا-.

- لەزمانی ئینگلیزی لەوشەی لاتینی (aedere) وەرگیراوە کە بەمانای دەکوژێ یان کوشتن دێت. وە وشەی (sui) لەدوواوە دەنوسرێت، تا لەکۆتاییدا بەشێوەی گشتی مانای -خۆکوشتن- ببەخشێت.
- وەلەزمانی کوردیش پێی دەگوترێ: (خۆکوشتن یان خودکوژی، هەندێ جاریش بە (مردنی دەستکرد ناودەبرێت).

**ب- لەڕووی یاساییەوە:**

بەشێك لە زانایانی بواری یاسانا‌سی خۆکوشتن وا دەناسێنن کە بریتییە لە خۆکوشتنی کەسێك لەحاڵەتی زانینو دەرك پێکردنی خۆی –واتە بەوشیارییەوە کارەکە ئەنجام بدات.

**ج- لەڕووی دەرونییەوە :**

لەڕوانگەی دەروونزانییەوە خۆکوشتن بریتییە لەکوشتنی خود لەلایەن کەسەکە خۆی بەهۆی تێکچوونی باری دەروونی –سایکۆلۆژی–و لەدەست دانی هاوسەنگیو خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری.

**د- وە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە:**

خۆکوشتن حاڵەتێکی مردنە لەدەرەنجامی ڕاستەوخۆی کردەیەکی ئیجابییەوە دروست دەبێ، وەك خۆکوشتن بەفیشەك یان ئامرازێکی تری بکوژ، یاخود بەکردەیەکی نەگەتیڤ –سلبی– وەکو خۆگرتنەوە لەخواردنو خواردنەوە تامردن. هاوکات کەسە خۆکوژەکە ئەنجامی ئەم کارانەی دەزانێو دەرك بەکۆتاییو سەرەنجامیان دەکات.

# خۆکوشتن دیاردەیەکی جیهانییە

دیاردەی خۆکوشتن لە زۆربەی کۆمەڵگەکان –پێشکەوتوو و دواکەوتوو– بەڕێژەو جۆری جیاواز بوونی هەیە.

لەکۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانو باشووری ئاسیادا زۆرە، وەلێ لەوڵاتە پێشکەوتووەکان زۆرترەو دیاردەیەکی بەرچاوە، زۆرترین ڕێژەی خۆکوشتن لەجیهاندا لە هەردوو وڵاتی یابانو ئەڵمانیایە.

بەپێی تازەترین ئاماری تاوانکاری جیهانی ڕیژەی خۆکوشتنی مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهان ڕوو لەزیاد بوونو هەڵکشانە، بۆ نمونە بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (w.h.o) کە بارەگاکەی لە ژنێفی پایتەختی سویسرایە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەبێ هۆو پاساو خۆیان دەکوژن لە ئێستادا ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، کە لەڕاگەیاندراوێکی ڕێکخراوە کە هاتووە (ساڵانە لەجیهاندا نزیکەی یەك ملیۆن کەس خۆیان دەکوژن، نزیکەی (٢٠) بیست ملیۆن هەوڵی خۆکوشتنیش هەیە کە سەرنەکەوتوون، هاوکات ساڵانە شەش ملیۆن کەس لە کەسوکاری ئەوانەی خۆیان دەکوژن، دووچاری گرفتو ناخۆشی دەبنەوە، بەهۆی خۆکوشتنی کەسە نزیکەکانیان).

هاوکات پێگەی ئینتەرنێتی ڕێکخراوی ناوبراو ئاماژە بەوە دەدا، کە هیچ (٣٠) خولەکێك تێناپەڕێ، کە کەسێك لەجیهاندا خۆی نەکوژێ، هەر بەپێی زانیارییەکانی ئەم بوارە ڕێژەی خۆکوشتن لەچاو نیو سەدەی پێش ئێستادا ٦٠٪ زیادی کردووە.

سەرچاوە کان ئاماژە بەوە دەدەن کە هەردوو ولاّتی یابان‌و چین ساڵانە لە(٤٠٪)ی حاڵەتی خۆکوشتنیان بەردەکەوێت وە بەپێی ئەو ڕووپێوەی کە پۆلیسی نیشتمانی یابان ئەنجامی داوە، (١٠) ساڵیش دەبێت ڕێژەی خۆکوشتن ساڵانە لەو ولاّتەدا لە (٣٠) هەزار حاڵەت دانەبزیوەو کەمی نەکردووە، تەنها لەساڵی (٢٠٠٧) لەو ولاّتەدا (٣٣٠٩٣) حاڵەت هەبوو، بەلاّم ولاّتانی خۆرهەلاّتی ئەورووپاو ناوچەی بەلتیك‌و ڕوسیای سپی ڕێژەی (٤٥–٧٥) کەس لەکۆی (١٠٠) هەزار کەسیان هەیە لەخۆکوشتندا، لەولاّتانی ئەورووپاو ئوسترالیا لە (١٠٠) هەزار کەس (١٠–٣٥) حاڵەتی خۆکوشتنیان هەیە، جا ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕی‌و پێکەنینە لەم دواییانەدا دکتۆرێکی ئەمەریکی بەناوی (جاك کیفورکیان) کەوا بەدکتۆری مەرگ (طبيب الموت) ناسراوە، ئامراز –آلة–ێکی تایبەت بە خۆکوشتنی داهێناوە، بۆ ئەو کەسانەی ئەیانەوێ خۆیان بکوژن‌و کۆتایی بەژیانیان بێنن، ئەم دکتۆرە ئەمریکییە یەکێکە لەدیارترین ئەو کەس‌و لایەنانەی کە داوای هاوکاری‌و یارمەتیدانی ئەوانە دەکات کە ئەیانەوێ خۆیان بکوژن..؟!![1] بەلاّم ئەوەی جێی تێبینی‌و هەڵوەستە لەسەرکردنە ڕێژەکە لەولاّتانی حەوزی دەریای ناوەڕاست‌و جیهانی ئیسلامی وە ئەو ولاّتانەی کە تائاستێك پەیوەستن بەمەزهەبی کاسۆلیکیی مەسیحییەوە کەمترە، کە ساڵانە لەهەر (١٠٠) هەزار کەسێك، تەنها (٦) حاڵەت هەیە، کە دەتوانین بڵێین کەمترین خۆکوشتن ئەنجام دەدریت.

---

(1) ا لجزيرة نت.

# کوردستان و دیاردەی خۆکوشتن

دیارە کۆمەڵگەی کوردیش وەك تەواوی کۆمەڵگاکانی تر بێبەش نییە لەدیاردەی خۆکوشتن کە ئەمڕۆ بە دیاردەیەکی جیهانی –گلۆبالی– ناوزەد دەکرێت.

ئەم دیاردەیە بەداخەوە لەکوردستانیش سەری هەڵداوەو ڕۆژ بەڕۆژ لە هەڵکشاندایە، لەکاتێکدا کە نامۆیە بەکلتووری نەتەوایەتیو کوردەواریو کلتوری ئیسلامیمان.

هەروەك (ئۆسکارمان)یش[1] پێی وایە کە خۆکوشتن لەکۆمەڵگەی کوردی بوونی نەبووە، بەڵکو ئەم بیرۆکەیە لەڕۆژئاواوە بۆی هاتووە، بەبۆچوونی (ئۆسکارمان، ١٩٧٥) لەداستانی (خەجو سیامەند) نەبێ کاتێ (خەج) لەدوای مردنی (سیامەند) وەك وەفاو خۆشەویستی یەك بۆ (سیامەند) لەسەر شاخێك خۆی فڕێ دەداتە خوارەوەو خۆی دەکوژێت، هیچ بەڵگەو گەواهییێکی تری مێژوویی سەبارەت بەدیاردەی خۆکوشتن لە کلتووری ئەدەبی کوردی بەرچاو ناکەوێ.

لەکوردستان هەرچەندە تائێستا داتاو ئامارێکی دروستو تەواو لەبەر دەستدا نییە، چونکە زۆرێك لە کەیسەکان ئاشکرا ناکرێنو بەناوی تر لەلایەن پۆلیسەوە تۆمار دەکرێن، یان پچڕ پچڕنو یەکگرتوو نین، بەڵام ئەوەی کەمێك ئاگاداری هەبێت لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنو میدیاو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان، دەگات بەم

(1) ئۆسکارمان: یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە لەساڵی (1903/1901) نێردراوەتە ڕۆژئاوای ئێران سەرقاڵی زمانو فۆلکلۆری کوردی بووە، بەتایبەت تێکستەکانی شێوەزاری: زازاو کرمانجی خوارووی ناوچەی موکریان، کتێبەکەی لەساڵی 1975 (هێمن موکریانی) بەناونیشانی (توحفەی موزە ففەرییە) وەریگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی.

دەرەنجامەی، کەوا ئێمەش لە کوردستان لەبەردەم دیاردەیەکی مەترسیدار داین، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرۆکی کۆمەڵگاکەمان دەگرێتو تەشەنە دەسەنێت.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەی سەرەوە، ئەگەر تەنها دوا ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری هەولێر وەرگرین، کە تەنها تایبەتە بەڕەگەزی نێر –پیاو– لەشەش مانگی سەرەتای ئەم ساڵدا، دەڵێت:

لەماوەی (٦) شەش مانگی سەرەتایی (٢٠١١) لە هەولێر پێنج پیاو بەپەت خۆیان خنکاندووەو (١٦) شازدەی تریش بەسووتان خۆیان لەنێو بردووە، وە بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی سلێمانی، لەماوەی (٨) هەشت مانگی سەرەتایی (٢٠١١) لەو شارە (٢٣) بیستو سێ پیاو بەگوللەو خۆهەڵواسین کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوەو (٦) شەشی تریش بەسووتاندن.

وە ئەوەی جێی تێبینییە جیاوازییەك بەدی دەکرێت لەنێوان خۆکوژان لەجیهانو ئەوانەی کوردستان، خۆکوژان لەجیهان زۆربەیان لەسەرووی (٤٠) چل ساڵییەوە خۆیان دەکوژن، بەڵام ئەوانەی لەکوردستان خۆیان دەکوژن، بەپێی لێدوانێکی (عەمید عبدالخالق تەلعەت)، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، زۆربەیان لە (١٨) هەژدە ساڵی بچوکترن، تەنانەت دەڵێت: حاڵەتمان هەبووە لە (٩) نۆ ساڵی خۆی خنکاندووە!؟.

**تێبینی:**- خوێنەر ئازیز: پرسی خۆکوشتن لەلایەن ڕەگەزی نێر– پیاوان، زۆر تازەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی لەڕابردوودا مەگەر زۆر بەدەگمەن –ئەویش لەدەمی شۆڕشو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ستەمکارو داگیرکەرانی کوردستان بەمەبەستی نیشاندانی فیداکاریو خۆبەدەستەوە نەدانی دوژمن– ئەگینا نەبیستراوە، چونکە ئەم کارەیان بەپێچەوانەی خەسڵەتەکانی: خۆڕاگریو بەهێزیو جوامێریو پیاوەتی لێکدەدایەوە، تەنانەت شەرمیشیان لەبیرکردنەوە لەئاواکارێك دەکردەوە، بەڵام سەد ئەفسووس ئێستا ئەم کارە سنووری حاڵەتی تێپەڕاندووە بووە بە دیاردە..!!؟.

# هۆکارە پاڵنەرەکانی خۆکوشتن

دیارە بێگومان کۆمەڵێ هۆکارو فاکتەر هەن لەپشتی ئەنجامدانی ئەم کارەوە، هەروا بەبێ هۆ هیچ مرۆڤێکی ژیر بڕیارێکی وامەترسیدارو چارەنووسساز نادات‌و بەخواڕسکی نابێتە مەرگ دۆست‌و خۆی نافەوتێنێت.

ئەم چەند هۆکارانەی خوارەوەش بەبڕوای من گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە لەپشتی ئەم دیاردە قێزەونەن‌و پاڵنەری سەرەکین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

**یەکەم:** لاوازی بواری ڕوحی‌و ئیمانی‌و فەرامۆش کردنی دینداری.

**دووەم:** زاڵ بوونی لایەنی ماددی بەسەر لایەنی ڕوحی‌و ئیمانی نەمانی قەناعەت‌و بە بەشی خۆ ڕازی نەبوون.

**سێیەم:** نەبوونی وشیاری‌و ڕۆشنبیری ئایینی پێویست‌و بەرگە نەگرتنی تاقی کردنەوە سەختەکانی ژیان.

**چوارەم:** کاریگەری نەرێنی –سلبی– کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و میدیا لەڕێی پەخشکردنی زنجیرە دراماو تەمسیلیە دۆبلاژکراوە بیانییەکان کە زادەو هەڵقوڵاوی ژینگەو واقیعی میللەت‌و کۆمەڵگای ئێمە نین وە ئەگەر گریمان سودێکیان لێ هەڵوەریبێ بۆ واقیعی کۆمەڵگای خاوەن، ئەوە بێگومان کۆمەڵگای ئێمە نە بۆیان پێویست‌و ئاتاجەنە هیچ دەردێکیشی چارەسەر دەکەن، بەڵکو هەتا سودێکیان لێ دەبینێ گرفتارو گیرۆدەی سەد دەردو نەخۆشی‌و دیاردەی نامۆی دەکەن.

**پێنجەم:** لاسایی کردنەوەو چاولێکەری –تقلید–ی کۆمەلگا ڕۆژئاواییەکان وەك (ابن خلدون) زانای کۆمەڵناس لەکتێبەکەی (المقدمة)دا ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات کە هەمیشە میللەتە ژێر دەست‌و تێکشکاوەکان لاسایی ئەو کۆمەڵ‌و میللەتانە دەکەنەوە کە زاڵ‌و بەدەسەڵاتن هەر لە جلوبەرگەوە هەتا بیرو باوەڕ کە

دەڵێ: (ان المغلوب مولع ابدا بالاقتداء بالغالب في شعاره وزيه ونحلته وسائر أحواله وعوائده)[1].

**شەشەم:** نەبوونی پرۆگرامو میتۆدێکی پەروەردەیی ڕوحیو سایکۆلۆژی وا کە تاك –فرد–ێکی بەهێزو دامەزراو پەروەردە بکاتو بار بهێنێ.

**حەوتەم:** هەبوونی ناعەدالەتیو فەرقو جیاوازیو ماف پێشێلکردنێکی بەرچاو لەدامەزراندنو پێدانی ئیمتیازات بەجۆرێك بەشێك پڕنو زۆرێکیش قڕ.

**هەشتەم:** تێکچونی شیرازەی خێزانو سەرهەڵدانی چەندین کێشەی خێزانیو دەروونیو کۆمەڵایەتی لەدەرەنجامی فرێدانی هەندێ دروشمی بریقەدارو خەڵەتێنەری وەکو: ئازادی بێسنوورو سەربەستی ڕەهاو خۆ ڕزگارکردن لە باوك یان مێرد سالاریو مۆدێرنە کردنی کۆمەڵگاو... هتدو لەلایەن هەندێ کەسو دەزگاو ڕێکخراوەوە[2].

**نۆیەم:** سەختیو دژواری ژیانو گوزەرانو گرانی بازاڕ کە لەژێر کاریگەریو ڕەنگدانەوەی عەولەمە –گلۆبالیزەیشن– گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینیوەو چینایەتی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەند دروستکردووەو ژیانی ئالۆز کردووە[3].

---

(1) (المقدمة) ص ١١٦.

(2) بەم هۆیەوە خەڵکێکی داماویان لەنێو خێزانی کوردی گیرۆدەی کۆمەڵێ کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتیو خێزانی کردووە، ئێستاش هاتوون وەك بەرگریکارێکی سەرسەختی مافەکانیانو مشورخۆری کۆمەڵگا خۆیان دەناسێننو بەکۆمەڵگا دەڵێن وریابن .؟!! شاعیرگوتەنی:

ألقاه فی الیمّ مکتوفاًوقال          إیّاك إیّاك أن تبتل باالماء

(3) بۆ وێنە: سەرلەبەیانی ٢٠١١/٥/١٤ز لەناو بازاڕی هەولێر، هاوڵاتی (عباس سعید فرج) تەمەن (٢٧)ساڵ، خۆی خنکاند، کە خاوەنی دوو منداڵ بوو، حەمباڵی دەکرد، هاوڕێیەکی عەباس لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (ڕووداو) ژمارە (١٨٣) دەڵێت: "عەباس نەیدەتوانی بەو عارەبانەیە بژێوی ژیانی پەیدا بکات".

**دەیـــەم:** کاڵبوونـەوەی بـەهاو پێـوەرە سـەرەکییەکانی پێکهێنـانی خێـزان‌و گۆڕانکـاری لەڕۆڵـەکانی پیـاوو ژن‌و بەرتەسـك بوونـەوەی کـەناڵی خۆشەویـستی‌و لێبـووردن‌و زۆر بـوونی ڕێـژەی تـەڵاق‌و ناپـاکی هاوسـەرێتی –الخیانـة الزوجیـة–و گرێدانی پەیوەندی سۆزداری ناشەرعی لە دەرەوەی خێزان.

**یازدەهـــەم:** فـەرامۆش کردنـی مـاڵ‌و خێـزان‌و کـۆچ کـردن بـۆ هەنـدەران‌و ئەنجامدانی گەشتی زۆر بۆ دەرەوەی وڵات بەئامانجی بازرگانی یانی هـەر کارێکی تر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن.

**دوازدەهەم:** بێ هیوایی‌و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی:

ژمارەیـــەکی زۆر لـــەزانایانی بـــواری کۆمەڵایـــەتی‌و دەروونناســـی، هۆکـــاری خۆکوشـتن دەگێرنـەوە بـۆ گرفتـی گۆشـەگیری تـاك، کـە لـەدەرەنجامی نـەمانی خۆگونجاندن لەنێوان تاك‌و ژینگە دووچاری دەبێت.

(دوورکایم) پێی وایە هەست کردنی تاك، بەوەی کە لەنێو کۆمەڵگا کەسێکی بێ ئەرزش‌و قێزەونە جێی ڕێزو خۆشەویستی خەڵك نییە، لای کۆمـەڵگا جێـی قـەبوڵ نییە، هەسـتی گۆشـەگیری‌و خـەمۆکی زیـاتر دەبـێ‌و مەیلـە خۆکوژییەکـەی سـەر هەڵدەدات، بۆیە ئەو –دوورکایم– پێی وایە کۆمەڵگا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێـت، لـە بەرهــەمهێنانی هەسـتی گۆشــەگیری کۆمەڵایــەتی لای تــاك، کاتێـك کۆمــەڵگا دژ بەخواستەکانی دەوەستێ‌و فەرامۆشی دەکات‌و هیچ ڕۆڵێکی پێ نابەخشێت، بـەم هۆیەشـەوە هەسـت بـەقێزەونی‌و بـێ نرخـی خـۆی دەکـات لـەناو کۆمەڵگاکـەی‌و گۆشەگیر دەبێت، تا ئاستی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن کۆتایی هێنانان بەژیان.

**ســـێزدەهەم:** نەخۆشـــییە دەروونـــی‌و درێژخایەنییـــەکان‌و، ئـــاڵوودەبوون‌و بەردەوامی لەسەر ماددە کحوولیی‌و هۆشبەرەکان.

بەپێی سەرچاوەی (ویکیبدیا الموسوعة الحرة) نزیکەی ٣٥٪ی حاڵەتەکانی خۆکوشتن، دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشییە دەروونیو عەقڵیەکان، وەکو خەمۆکیو دڵتەنگیو گۆشەگیریو ئالوودەبوون بەماددە کحوولیو هۆشبەرەکان، وە ٦٥٪یش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جۆراوجۆر، وەکو: پەروەردە، ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، کێشەو گرفتەکانی خێزان، سەرنەکەوتن لەخوێندنو... هتد.

خوێنەری سەنگین:

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش، هۆکارە پاڵنەرەکانی خۆکوشتن لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕ دەکاتەوە:

١- تێکچوونی باری سایکۆلۆژیو دەروونی بابای خۆکوژ بەهۆی خەمۆکیو ئالوودە بوون بەماددە هۆشبەرەکان.

٢- لەدەستدانیو بەرگریکارو پشتیوانی خێزانیو کۆمەڵایەتی.

٣- تێکەڵبوونی ڕەگەزو کولتوورو ئایینەکانو کاریگەری نەرێنیان لەسەر تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان.

٤- لەدەستدانی کۆنترۆڵو بەسەرخۆدا زاڵبوون بەهۆی بێهیواییو بێئومێدبوون لەژیان.

٥- کێشەو گرفتە بێ چارەسەر یان پشتگوێ خراوو چارەنەکراوەکان، وەکو: هەژاریو نەخۆشیو ناعەدالەتی.

# حوکمی خۆکوشتن -انتحار- لەئیسلامدا

خۆکوشتن لەئیسلامدا حەرامەو تـاوانێکی گەورەیـە وەلەلایـەن زانایـانی بـواری شەرعناسی –الفقهـاء– لـەدوای هاوبـەش بڕیـاردان –الـشرك– بـۆ خـوا، بەیـەکێك لەگوناهە هەرە گەورەکان ئەژمار دەکرێـت بەبەڵگـەی ئـەو فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خوای لێبێت) کە دەفەرمووی: (إجتنبوا السبع الموبقات ......)[1]، دیارە یەکێکیش لەو حەوتانە "قتل النفس"ە بۆ وێنە هەم پێـشەوا ((الـذهبي)) لەکتێبـە بەناوبانگەکەی خۆی ((الكبائر)) بە یەکێك لەگوناحە گەورەکانی ژماردووە هەمیش پێشەوا ((ابن حجر الهیتمي)) لەکتێبی ((الزواجر عن اقتراف الكبـائر))دا، تەنانـەت کەسی خۆکوژ –المنتحر– تاوانەکەی گەورەترە لـەو بکـوژەی کـە کەسـێکی تـری کوشتووە، چونکە بابای خۆکـوژ سـەرەڕای ئـەوەی کـە تـاوانی کوشـتنی ئـەنجام داوە، دەست درێژیشی کردووە بۆ سەر کارێك کە مافی ئەو نییە –کۆتـای بـەژیانی خـۆی هێنـاوە– ئەمــەش مــافێکی تایبــەتی خــوای مەزنــە، چــونکە خــاوەنی ڕاستەقینەی ڕوح و نەفسی مرۆڤ خوای دلۆڤانو بەدیهێنەرە نەك مرۆڤ خۆی.

لەئیـسلامدا نـەك خۆکوشـتن قەدەغـەو تاوانـە تەنانـەت لەمـەش بـچوکتر، وەك دوعای مردن لەخۆکردنو ئاواتی مردن خواسـتن، بـەهۆی تـووش بـوون بـەجۆرێك لەناڕەحەتیو سەختییەکانی ژیان، وەك لەم بارەیـەوە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لێبیٚ) دەفەرمووێ: (لایتمنین أحدکم الموت لضر أصـابه، فـأن کـان ولابـد فـاعلا، فلیقل: اللهم أحیني ماکانت الحیاة خیرا لي. وتوفني أذا کانت الوفاة خیرا لي)[2].

(1) متفق علیه.

(2) البخاري (١٠/١٠٧–١٠٨)، ومسلم (٢٦٨٠).

واتە: هیچ کەسێك لـەئێوە ئـاواتی مـردن نـەخوازێ (بـەهۆی ناڕەتیەکـەوە کـە تووشی هاتووە). ئەگەر هەر دەبوو بیڵێ بابڵێ: خوایە بمژێنە هەتا ئەوکاتەی ژیان چاکە بۆمو بمرێنە ئەگەر مردن خێری تێدابوو بۆم.

ئینجـا بـۆ سـەلماندنی ڕای سـەرەوەیان زانایـان چـەند دەقێـك لـە قورئـانو سوننەتدا، بەبەڵگە دەهێننەوە سەبارەت بەتاوانی خۆکوشتن وەکو:

١- خـــوای بەبـــەزەی دەفـــەرموێت: ﴿ t u v w x ﴾[1]. واتـــە: بەدەستی خۆتان، خۆتانڕبەرەو تیاچون مەبەن.

٢- هەروەها دەفەرموێت ﴿ I J K M N O P Q ﴾[2].

واتە: خۆتان مەکوژنو (یەکتر بە ناحەق مـەکوژن، کاتێـك بێزاریـیو بێتاقـەتی ڕووتان تێدەکات یان توشی زیانێك دەبن) بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان.

٣- پێغەمبەری مرۆڤ دۆستیش (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:

(من تردىٍ من جبل فقتل نفسه، فهو فى نار جهنم، يتردى فيها خالداً مخلداً فيها أبداً. ومن تَحَسى سُماً فقتل نفسه، فسمه في يده يتحسّاه في نار جهنم خالـداً مخلـداً فيها أبداً. ومن قتل نفسه بحديدة فحديدته في يـده يتوجـأ بهـا في نـار جهـنم خالـداً مخلداً فيها أبداً)[3].

واتە: هەر کەسێك خۆی لـە شـاخێك یـان بەرزاییـەك فـڕێ بـدات -بەمەبەسـتی خۆکوشـتن- خـۆی بکوژێـت ئـەو کەسـە بـەردەوام لـەدۆزەخ خـۆی فـڕێ دەدات تاهەتایە بەئەبەدی، وەهەر کەسێك ژەهر بخواتەوە بەم هۆیەوە خـۆی بکـوژێ لـە

---

(1) البقرة/١٩٥.

(2) النساء/٢٩.

(3) البخاري (٥٤٤٢) ومسلم (١٠٩).

دۆزەخ هەمیشە ژەهری لەدەستەو دەیخواتەوە، وەهەر کەسێك بەشمشێر یان خەنجەرێك خۆی بکوژێت هەمیشە شمشێر یان خەنجەرەکەی لەنێو ئاگری دۆزەخ لەدەست دایەو خۆی پێ دەکوژێ تاهەتایە.

**تێبینی:**

پێشەوا (نەوەوی- ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەکتابی "شرح مسلم"دا لە ڕۆنکردنەوەی ئەم فەرموودەی سەرەوە دەفەرمووێ: وأما قوله( d ): (فهو في نار جهنم... الخ) فقيل فيه اقوال:

**أحدها:** أنه محمول على من فعل ذلك مستحلا مع علمه بالتحريم فهذا كافر، وهذه عقوبته.

**والثاني:** أن المراد بالخلود طول المدة والاقامة المتطاولة لاحقيقة الدوام كما يقال: خلدالله ملك السلطان.

**والثالث:** أن هذا جزاؤه ولكن تكرم الله -سبحانه وتعالى- فأخبر أنه لايخلد من مات مسلما.

واتە: سەبارەت بەفەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) کە دەفەرمووێ: (... ئەو کەسە هەمیشە لە دۆزەخ خۆی فڕێ دەدا -یان ئەو شتەی خۆی پێ کوشتووە خۆی پێ سزادەدات- تاهەتایە بە ئەبەدی)، چەند قسەو لێکدانەوەیەکی -لەلایەن زانایانەوە- بۆ کراوە لەوانە:

**یەکەم:** ئەو حوکمە بۆ کەسێکە کە خۆکوشتنەکەی بەحەڵاڵ زانیبێ لەکاتێکدا بشزانێ کە یاساغ -حرام-ە، دیارە ئەو کەسە کافر ئەبێ‌و ئەمەش سزاکەیەتی.

**دووەم:** مەبەست لەدەستەواژەو چەمکی -الخلود- ماوەیەکی زۆرو مانەوەیەکی درێژخایەنە، نەك حەقیقەتی بەردەوامیو هەمیشەیی، وەك دەگوترێ: خوا دەسەڵاتی سوڵتان بەردەوامکا.

**سێیەم:** لەڕاستیدا ئەمە سزاکەیەتی، وەلێ خوای دلۆڤان بەبەخشندەییو میهرەبانی خۆیەوە -لەم سزایە دەیبەخشێ- هەرکەسێ بەموسڵمانێتی بمرێ بەهەمیشەیی لەنێو ئاگری دۆزەخ نایهێڵتەوە.

٤- لەفەرمودەیەکی تردا کە پێشەوا بوخاری لە ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: (الذي يخنق نفسه يخنقها في النار. والذي يطعن نفسه يطعن نفسه في النار. والذي يقتحم يقتحم في النار). واتە ئەوەی خۆی دەخنکێنێت لەناو ئاگری دۆزەخیش هەر خۆی دەخنکێنێت. وەئەوەی بەچەقۆ یان هەر ئامرازێکی تری خۆکوشتن- لەخۆی ئەدا لەناو ئاگریش بەهەمان ئامراز هەمیشە لەخۆی دەدات. وەئەوەی خۆی فڕێ دەدات لەناو ئاگریش هەر خۆی فڕێدەدات.

٥- وە (جندب بن عبدالله) لە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: (كان فيمن قبلكم رجل به جرح فجزع، فأخذ سكيناً فحزبها يده، فما رقأ الدم حتى قال الله تعالى...!).

(بادرني عبدي بنفسه حرّمت عليه الجنة)(1).

واتە: پیاوێك لەسەردەمی پێش ئێوەدا برینێکی هەبوو -بریندابوو- ئارامی نەگرتو لەبەری بڕا، چەقۆیەکی گرتو دەستی خۆی پێ بریندار کرد، خوێنەکەی نەپچڕاو نەزیف بوو تا مردو گیانی لەدەستدا خوای مەزن فەرمووی...! بەندەی من پەلەی کرد لەخۆی بەهەشتم لێ حەرام کرد.

کەواتە مرۆڤ خۆی بە چ شێوازو ئامرازێك بکوژی سزاکەی بریتیە لە دووبارە کردنەوەی هەمان کردار لەنێو ئاگری دۆزەخو بەهەمان شت سزا ئەدرێ تا هەتا یە

(1) البخاري (٣٢٧٦) ومسلم (١١٣).

–خوا پەنامان بدات– وەك ڕابەرمان (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی (من قتل نفسه بشيئ في الدنيا عُذب به يوم القيامة)[1].

واتە: کەسێك لەدونیا بەشتێك خۆی بکوژێت لەڕۆژی دوایی بەهەمان شت سزا دەدرێت.

٦– هەروەها (جابر بن سمره)–خوا لێ ی ڕازیبێت– دەگێڕێتەوە و دەلێ: (أتى النبي( d ) برجل قتل نفسه بمشاقص فلم يصل عليه)[2]. واتە: تەرمی پیاوێکیان هێنا بۆ خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) کەوا خۆی کوشتبوو بەجۆرێك لەتیر –سهم– کە تیرێکی پانە، تاکو نوێژی لەسەر بکات نویژی لەسەر نەکرد.

**تێبینی:**

* پێشەوا نەوەوی –ڕەحمەتی خوای لێبێت– سەبارەت بەم فەرموودە دەفەرمووێت:

لەم فەرموودەیەدا بەڵگە هەیە بۆ ئەوانەی ئەڵێن نوێژ ناکرێت لەسەر ئەو کەسەی خۆی کوشتووە، ئەم بۆچوونەش ڕێڕەو "مذهب"ی (عومەری کوڕی عبدالعزیزو ئوزاعی) یە، بەڵام پێشەوایان (الحسن والنخعي وقتادة ومالك وأبو حنيفة والشافعي)و جمهوری زانایان: ڕایان وایە کە دروستە نوێژی لەسەر بکرێت، وە سەبارەت بەو فەرموودەی سەرەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامیان داوەتەوە، دەڵێن: کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) بەخۆی نوێژی لەسەر

---

(1) البخاري (٥٧٠٠) مسلم (١١٠).

(2) رواه مسلم(٩٧٨).

نـەکردووە، بـۆ قەدەغـەو تـەمبێ کردنـی خـەڵك بـووە لەئەنجامـدانو دووبـارە کردنـەوەی هاوشـێوەی ئـەم کـارە –خۆکوشـتن–ی کەسـە خۆکوژەکـە، ئـەگینا هاوەڵان –الصحابة– نوێژیان لەسەر کردووە[1].

* وەزانـای شـەرعناس–فقیـە–(ابـن عابـدین) لـە–الحاشـیە–دا، دەڵـێ: (هـەر کەسـێ خـۆی بکـوژێ ئەگـەر بەئەنقەسـتیش بێـت، دەشـۆردرێو نوێـژی لەسـەر دەکرێ، بەمە فـەتوا دەدرێـت، چـونکە بـەخرا پـەکار –فاسـق– دادەنـدرێت نـەك بلأوەکاری خراپـەکاری لـە زەوی دا، ئەگەرچـی دەسـت درێـژی کـردووە بـۆ سـەر گیانی خۆی –بەهۆی خۆکوشتنییەوە– وەك تەواوی موسڵمانە خراپکارەکان وایە، ئەگەرچی تاوانەکەی لەو کەسە گەورە ترە کە کەسێکی تری کوشتوە)[2].

* هەروەها (الرّملي) لەکتێبی (نهاية المحتاج)دا دەڵـێ: (شوشـتنو کفنو نوێـژ لەسەرکردنی هەروەها هـەڵگرتنی تەرمەکـەی –بـۆ گۆڕسـتان–و ناشـتنی، بـەپێی ئیجماعی زانایان فەرزی کیفایەیە وەك لەفەرمووده دروستو بـەهێزەکان ئامـاژەی پێدراوە، جا خۆی کوشتبێ یان کەسێکی تر جیاوازی نییە)[3].

بۆیە دەگەین بەم قەناعەتە کە خۆکوشتن نەك هەر چارەسـەر نییـەو بـەس بـەڵکو قوڕەکە خەست تردەکات لەبری ڕزگـار بـوون لـە خەفـەتو دڵ تـەنگیو ناخۆشـی کاتی مرۆڤ دووچاری مـاڵوێرانیو تیاچـونی دونیـاو دواڕۆژ دەکـات بەمـەش (خـسر الدنيا والاخرة وذلك هو الخسران المبين).

---

(1) (شرح مسلم)(٧/٤٧).

(2) (حاشية ابن عابدين/ ٢٩١/٦).

(3) (نهاية المحتاج /٢/٢٣٢).

# چارەسەری دیاردەی خۆکوشتن

دەکرێ بۆ دەست نیشانکردنی ڕێگاچارەو میکانیزمەکانی چارەسەریو ڕێگرتن لەدیاردەی خۆکوشتن، ئاماژە بەم چەند خاڵە بکەین:

**یەکـــەم:** بایەخــدانو چــاودێری کردنــی خــاوەن هەوڵــە ســەرنەگرتووەکانی خۆکوشتنو ئەو کەسانەی کـەوا مـەیلی خۆکوژییـان لا گەلاڵـە بـووە، بەشـێوەیەك تۆی هیواو ئومێدو گەشبینی لەناخیان بڕوێنـدرێو سـۆزو بـەزەییو خۆشەویـستی پێویستیان پــێ بـدرێ، وە وا تێبگەیەنـدرێن کـەوا مرۆڤـی بـاوەڕدار ئەگـەر خـەمو گرفتەکانی هەرچەند گەورەو دژواربنو لە هەر ئاستێکدابن، نابێ ئەو ڕاستییە لەیاد بکات، کە خودایەکی بـەتواناو بەبـەزەیی هەیـە، بۆیـە کاتێـك کـە گرفتـار دەبێـت بەدەست خەمو تەنگژەیەکی ژیان، ناڵێت: (یارب ان همي كبير- خودایە خەمەکەم گەورەیـە) بـەڵکو دەڵێـت: (یـاهم ان رب كـبير- خەمـە پـەروەردگاری مـن مـەزنو گەورەیە-) خوای بەبەزەیش لە فەرموودەیەکی قودسی دا ئاماژە بەوە دەدات کە بەندە سەبارەت بە خوا گومانی چۆنە خـوای گـەورە بـەو پێیـە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکات، وەك دەفەرموێت: (أنا عند ظن عبدي بي، وأنا معه حيث يذْكُرُني)(1).

**دووەم:** گەڕاندنەوەی بەهاو پێگەی ئارامی دەروونیو ژیاندۆستیو ورە بـەرزیو لێبووردەییو هیوا، بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەڕێگای:

---

(1) (البخاري:٦٩٧٠، مسلم: ٢٦٧٥) .

١- کاراکردنیو بایەخدان بە پەروەردەی ئایینی لەتەواوی قۆناغەکانی خوێندنو مزگەوتەکان، بەشێوەیەك تاکی کوردی وا ڕابهێندرێو پەروەردە بکرێ کە ژیان تەنها بەڕەشو سپی نەبینێتو ڕازی بێ بە قەزاو قەدەری خواو لەو ڕاستییە تێبگات کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (واعلم ماأخطأك، لم يكن ليصيبك، وما أصابك، لم يكن ليخطئك، وعلم أن النصر مع الصبر، وأن الفرج مع الكرب، وأن مع العسر يسراً)[1].

واتە: بزانە ئەوەی بۆ تۆ نابێ لەچاکەو خراپە، هەر لەسەرەتاوە بۆ تۆ دانەندراوە -کەواتە پشکی تۆ بە کەس نادرێت- وە ئەوەی پێت ئەگا، لەچاکەو لەخراپە، هەر لەسەرەتاوە بۆ تۆ دیاری کراوەو بۆ کەسێکی تر نابێتو نادرێت بەیەکێکی تر، وەبزانە سەرکەوتن لە هەموو کارێکدا لەگەڵ خۆ ڕاگرتنە، وە دەرچوون لەناخۆشی، لەگەڵ ناخۆشی دایە، هەروەها گشت کارێکی سەختو دژوار ئاسانییەکی لەگەڵ دایەو ناخۆشی لا ئەبا. بۆیە پێویستە تاکی موسڵمان خودان هیواو ورە بەرزو خۆڕاگر بێت.

٢- ئاگادارکردنەوەو تێگەیاندنی کۆمەڵگە لە مەترسی شوێنەوارەکانی ئەم دیاردە شوومەکە بەرۆکی کۆمەڵگاکەمانی گرتووە وەك خۆرەی ناوخۆ پەیتا پەیتا دارو درەختە جوانەکانی ژینگەی وڵاتەکەمان دەبڕێتەوەو زیان بەژێر خانی مرۆییمان دەگەیێنێت، ئەنجامدەرانیش ئەخاتە بەردەم دواڕۆژێکی ڕەشو مەترسیدارو پڕ لە خەشمو تووڕەیی پەروەردیگار، چونکە کارێکی تاوانو یاساغیان

(1) رواه احمد.

ئەنجامـداوەو بڕیـاری خودایـان شـکاندووە، وەك دەفـەرمووێت: ﴿ I J K L M N O P Q ﴾[1]. خـوای دلۆڤـان چـۆن باسـی لەقەدەغـە کردنـی خۆکـوژیی کـردووە، هاوکـات لایـەنی بـە بـەزەییو ڕەحمـی خۆیـشی فەرامۆش نەکردووەو خۆی بەخودان ڕەحمو بـەزەیی ناسـاندووە، تابەنـدەکانی بزانن خوا بەبەزەییە لەگەڵیان ئەگەر تاوانەکانیشیان هەر چەندێكو هەر چۆنێك بن، بە بەزەییە هەر چەند دەرگاکانی دونیـا بەڕوویانـدا داخـراوبن، بـە بەزەییـە هەر چەند کۆسپو تەگەرەو ئاستەنگەکانی سەر ڕێیان زۆرو سـەختو دژواربـن، بەبەزەییە هەرچەندە... هتد، ڕەحمو بەزەیی خوا گشتگیرو بەرفراوانە، مەگـەر کەسانێك خۆیان نەیانەوێت!!؟

ئەوەی تێبینیش دەکرێت، ڕێژەی خۆکوشتن لەنێو کەسـانی بـاوەڕدارو پابەنـد بە شەریعەتی خواو جیهانی ئیسلامی، زۆر کەمترە بەرانبـەر ئـەو ڕێـژە زۆرەی کـە لەولاتانی ڕۆژئاواو هەتا پێشکەوتووەکانیش بەدی دەکرێت.

هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە موسـڵمانان ئـەم کارەیـان بـەلاوە تاوانێکی گەورەیەو مایـەی خەشـمو سـزای تونـدی پـەروەردگارە لـەڕۆژی دوایـی، چونکە بەپێی دەقەکانی قورئانو سوننەت ئەم کارە قەدەغە –حرام–ەو ئەوانیش لە خوا دەترسن خۆیان دووچاری ماڵوێرانی دونیاو دوارۆژ ناکەن.

هاوکـات لەگـەڵ ئەمەشـدا، لەئیـسلامدا کۆمـەڵێ ڕێنمـایی ڕووحـیو ئـایینیو ڕێگەچـارەی گونجـاو خراونەتـەڕوو، تـاکو مرۆڤـی بـاوەڕدار، لـەکاتی ڕووبـەڕوو

[1] النساء/٢٩.

بوونەوەو گیرۆدە بوونی لەگەڵ هەر جۆرە گرفتو تەنگەژەیەکی ژیان وەکو: (دەروونی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی،... تاد) مامەڵەیەکی دروستیان لەگەل بکاتو خۆڕاگرو دامەزراوو بەهێزبێتو پشت ئەستور بێت بە پەروەردگارییەوە، بۆ نمونە:

أ- دووعا کردنو پاڕانەوەو هانابردن بۆ خوا -جل جلالە- گوتراوە (الانسان ضعیف بنفسه، قویّ بربّه)، ئادەمیزاد بەخودی خۆی لاوازە، وەلێ بە پەروەردگاریەوە بەهێزە.

دوعاو پاڕانەوەو هانا بردن بۆ خوای باڵادەست، ئامرازێکی شەرعیو بەهێزو کاریگەرە، چەکێکە بۆ دەرچوونو ڕزگار بوون لە خەمو دڵتەنگیو ناخۆشییەکان، خوای میهرەبانیش دەفەرمووێت:

(وقال ربكم ادعوني أستجب لكم)[1].

واتە: خوای پەروەردیگارتان فەرمانتان پێدەکات بەپاڕانەوەو بەڵێنی داونەتێ بەوەڵام دانەوەی.

پێغەمبەری دڵسۆزیشمان (دروودی خوای لێ بێت) بۆ خۆپاراستن لەدێوەزمەی تەنگژەو خەمەکان، دوعایەکی تایبەتی دیاریکردووە، کە دەفەرمووێ: (اللهم إني أعوذبك من الهم والحزن، والعجز والكسل، والبخل والجبن، ضلع الدين وغلبة الرجال)[2]. واتە: خوایە پەنات پێ ئەگرم لەدڵتەنگیو خەفەت، وە لە بێ دەسەڵاتیو بێ توانایيو تەمبەڵی، وە لە ڕەزیلیو ترسنۆکی، وە لە پشت

(1) (الغافر:٦٠).

(2) (البخاري ١٥٨/٧).

چەمانەوە بەهۆی قەرزارییەوەو لەدۆڕانی پیاوانی ئیسلام ژێرکەوتنیان. هەروەها ئەگەر کەسێك دووچاری خەمو خەفەتێك یان گرفتو بەڵایەك هات، بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتە دوعای پاڕانەوەی زۆر هەن بەندە دەتوانێت لەم کاتانەدا بیانخوێنێت، لەڕووی دەروونییەوە ئارامو دڵنابێت، بۆ وێنە: دوعاکەی (یونس) پێغەمبەر (سلاوی خوای لێ بێت) (لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين)[1].

پێغەمبەری ئازیزمان (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەرکەسێك ئەم دوعایە بخوێنێت ڕزگاری دەبێت لەو حاڵەتە ناخۆشەی کەوا تێی کەوتووەو دڵتەنگیو پەژارەی نامێنێت.

ب- ئارامگریو خۆڕاگری لەهەمبەر تاقیکردنەوەو سەختیو ناخۆشییەکانی ژیانو بێ هیواو ڕەشبین نەبوون لە ژیانو کۆنترۆل لەدەست نەدان.

خەسڵەتی خۆڕاگریو ئارامگرتن کلیلێکە بۆ دەرووی خێر لێ بوونەوەو ڕێگایەکە بۆ ڕیشە کێشکردنی خەمۆکیو دڵتەنگیو هۆکارێکیشە بۆ دەست خستنی ئەجرو پاداشتی مەزنو بێژمار. لەم بارەیەوە خوای باڵادەست دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ê é è ç﴾[2].

وەپێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ:

١- (عجباً لأمر المؤمن، إن أمره كله خير، وليس ذلك لأحد إلا للمؤمن، إن أصابته سرّاء شكَر فكان خيراً له، وإن أصابته ضرّاء صبر فكان خيراً له)[3].

---

(1) (الترمذي ٥/٥٢٩).

(2) الزمر/١٠.

(3) مسلم (٢٩٩٩) في الزهد.

واتە: حاڵی بڕوادار زۆر جێی سەرسوڕمانە: کاروبارەکانی هەمووی بەخێر تەواو دەبێت، ئەوەش بۆ کەسێکی تر وانییە تەنها بۆ ئەو نەبێت، ئەگەر خۆشیو شادییەکی پێ گەیشت سوپاسی خوا دەکاو سەرەنجام دەبێ بەخێر بۆی، ئەگەر ئازارو ناڕەحەتییەکی پێ گەیشت خۆی ڕادەگریو ئارام دەگرێ سەرەنجام ئەوەش بۆی دەبێ بەخێر.

٢- وە دەفەرمووێ: (مايُصيبُ المُسلِمَ مِن نَصَبٍ ولا وَصَبٍ ولاهَمّ ولاحَزَنٍ ولا أذىً ولاغمٍّ حتى الشَوكَةُ يُشاكُّهاً، إلاكفّر الله بها من خطاياه)[1].

موسڵمان تووشی هیچ ماندووییو ناڕەحەتیو مەراقو خەفەتو ئازارو خەمێك نابێت. تەنانەت دڕکێکیش کە بەپێیدا دەچێت مەگەر خوا بەو شتانە لە گوناهەکانی هەڵدەوەرێنێت.

٣- هەروەها دەفەرمووێ: (المؤمن القويُّ خيرٌ وأحبُّ إلى الله مِن المؤمن الضعيف، وفي كلّ خيرٌ، أحْرِصْ على ما ينفعك، واسْعِن بالله، ولا تعْجَزْ، وإن أصابَكَ شيئ فلا تقل: لَوْ أني فعلتُ كان كذا وكذا، ولكن قلْ: قدّر الله وماشاء فعَلْ، فإن (لَوْ) تفتحُ عَملَ الشيطان..)[2].

بڕواداری بەهێز باشترو خۆشەویست ترە لای خوا لە ئیمانداری لاواز، وە لە هەردووکیان خێرو چاکە هەیە، سوور بە لەسەر ئەو شتەی کە سوودت پێ دەگەیەنێ، وە پشت بە خوا ببەستەو، لاوازی مەنوێنەو ئەگەر شتێکیشت تووش هات مەڵێ: ئەگەر واو وام بکردایە واو وادەبوو، بەڵکو بڵێ: خوا وای بڕیار داوە

(1) رواه مسلم.

(2) (مسلم ٢٠٥٢/٤).

هەرچیش مەیلیٚ بیٚ دەیکا، چونکە وشەی (ئەگەر) دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە.

**سێیەم:** بەدواداچوون بکرێت بۆ کێشەو ئاریشەکانی نێو کۆمەڵگا، وەك: هەژاریو بێکاریو نادادپەروەری کۆمەڵایەتیو نەخوێندەواریو نەخۆشییە دەروونییەکان، چارەسەرێکی خێراو گونجاویان بکرێت.

**چوارەم:** دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت یان لیژنەیەك، کە پێکهاتبیٚ لە نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەکو: (پەروەردە، تەندروستی، ئەوقاف، کارو کاوباری کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی)، بۆ دیراسەکردنی ئەم دیاردەیەو ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ساڵانە سەبارەت بە هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەیەو ئامارو ڕێگەچارەکانی.

**پێنجەم:** پێویستە دەزگاو هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش بەوپەڕی ڕاستگۆییو بەرپرسیارانە ڕووماڵی هەواڵەکانی خۆکوشتن بکەنو زیاتر عەقلانی بنو هیچ جۆرە دەق یان دراماو کارێکی شانۆییو سینەمایی تەنانەت ڕێکلامێکی وایان بەسەر تێپەڕ نەکات کەوا مەرگ دۆستی تیابەدی بکریٚو توندوتیژیو مەرگ دۆستی بڵاوبکاتەوە.

**شەشەم:** لەپێناوڕێگری کردن لەدیاردەی خۆکوشتن هەڵمەتێکی فراوانی ڕاگەیاندنو وشیارکردنەوە ساڵانە ڕابگێیێندریٚ لەڕۆژی جیهانی ڕێگریکردن لەخۆکوشتن، کە هاوکاتە لەگەڵ (٩/١٠)ی هەموو ساڵێك، بەتایبەت لەمزگەوتەکان زانایان وتاری تایبەتی بۆ تەرخان بکەن، وەك سەرجەم پرسە ئایینیو نەتەوەییەکانی تر ڕۆڵی بەرچاوو کارای تیادا ببینن.

# سەرچاوەکان

بـۆ ئامـادەکردنی ئـەم نووسـراوەی بەردەسـتت سـوودم لـەو پێگـە ئـەلکترۆنی و سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

١- المفكرة الاسلام.
٢- المنتدى الاسلامي.
٣- الاسلام سؤال وجواب.
٤- الانتحار قتل للنفس البشرية.
٥- حاشية ابن عابدين.
٦- نهاية المحتاج.
٧- ويكيبديا الموسوعة الحرة.
٨- المجلس الاسلامي للافتاء.
٩- الجزيرة.نت.
١٠- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.
١١- ڕۆژنامەی ڕووداو.

# پێڕست


- پێشەکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان ........................ ٣
- پێشکەشە.................................................................... ٥
- پێشەکی.................................................................... ٦
- پێناسەی خۆکوشتن............................................................ ٨
- خۆکوشتن دیاردەیەکی جیهانییە............................................ ١٠
- کوردستان ودیاردەی خۆکوشتن............................................. ١٢
- هۆکارە پاڵنەرەکانی خۆکوشتن............................................... ١٤
- حوکمی خۆکوشتن -انتحار- لەئیسلامدا.................................... ١٨
- چارەسەری دیاردەی خۆکوشتن.............................................. ٢٤
- سەرچاوەکان .................................................................. ٣١
- پێڕست ........................................................................ ٣٢


پێشان و ئێستا
شفاء الصدور
من شبه الصلاة عند
القبور
لە بەهاری ئیعجازەکان دا
کاتێک عەقل دێتە دوان